# ئیلام




کۆکردنەوە و نووسینی: مەنسوور تەها

ئیلام یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی پارێزگای ئیلامە، ئەم شارە لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چیای کڤەر و لە ڕۆژاواوە لەگەڵ باشووری کوردستان هاوسنوورە. هەروەها خەڵکی ئیلام و ناوچە ی باشووری کوردستان بە یەک زاراوە قسە دەکەن. ئیلام لە دوای شارەکانی کرماشان، ورمێ و سنە چوارەمین شاری گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

## سەردەمی پێش مێژوو

لە سەردەمی پێش مێژووەوە کە ژیانی ئەشکەوت نشینی و کۆچبەری باو بووە، شوێنەوار و دەسکەوتگەلێکی زۆر لە جیهاندا لە بەر دەست نییە، بەڵام ئاکامی هێندێ لە توێژینەوەکان ئەوە دەر دەخات کە ژیان و ژیار بە شێوەیەکی بەربڵاو لەم سەردەمەدا لە ناوچەی ئیلام هەبووە. چەندین حەشارگە و ژینگەی بەردین کە مێژینەیان دەگەڕیتەوە بۆ سەردەمی زارزین و بە میراتی هەزاران ساڵەی ڕاوچیانی سەردەمی بە ڕ د دێنە ئەژمار کە لە پارێزگەی ئیلام دیتراونەتەوە و تۆمار کراون کە زۆربەیان لە دۆڵی هەلیلان وتەنگەی قوچعەی و ئەرغەوان شاری ئیلام دان. ئەم ئاسەوارانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی

پێش بەردین کە لە نیزیک ٢/٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر تا ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر، مەکۆی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بووە.

لە دۆڵی هەلیلان دا کە لەلایەن لێژنەی نێودەوڵەتی بە سەرپەرشتی کریستییەن سێن توێژینەوەی لەسەر کراوە، ئاسەوارگەلێکی هەرە گرینگ لە ژیانی سەردەمی کۆتایی نوێ بەردین (هەزارەی شەشەم تا پێنجەمی پێش لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح) دیتراوەتەوە.

## سەردەمی شۆڕشی نوێی بەردین

لەم سەردەمە دا کە کاتی دەسپێکرانی ژیانی شارنشینی و کشت و کاڵ و ڕام کردنی مەڕوماڵاتە، ئاسەوارگەلێکی زۆر گرینگ و جۆربەجۆر لە پارێزگەی ئیلام دا لە بەردەست دایە کە بەرچاوترینیان تەپی «عەلی کەش» لە «دێهلۆران»ە. لەم تەپەدا، لە ئاکامی توێژینەوە و هەڵکەندان و گەڕانی لێژنەی نێودەوڵەتی بەسەرپەرەستی پرۆفیسۆر «فرانک هۆل» (١٩٦٢ــ١٩٦١)، چەندین ئاسەواری نژیارڤانی و بەردینی هەزارەی حەوتەم و شەشەمی پێش لەدایکبوونی حەزرەتی مەسێح کەوتووەتە دەست کە ئاسەوارە نژیارڤانییەکانی، پیشاندەری پێکهاتنی یەکەمین کۆگەی ژیان (گوند وێنە) لە جیهاندایە.

## سەردەمی مەفرەق و ئاسن

ئە م سەردەمە کە هاوکات لەگەڵ سەردەمی نەتەوەی کاس وئیلامییەکانە یەک لە سەردەمە ژێرینەکانی تێکنۆلۆژی مرۆڤە کە کاسییەکان وەکوو پێشە نگی تێکنۆلۆژی دۆزینەوەی مەفرەخ لە جیهان دا ناوبانگیان دەرکردووە. لەم سەردەمە دا، ئاسەوارەکان وەکوو ئامرازگەلێکی جۆربەجۆر لەم ئالیاژ و کانزایانە (ئاسن و مەفرەق) بە تەکنیکی تایبەتی خۆ ساز کراون. ئاکامی توێژینەوەکانی لێژنەی نێودەوڵەتی بە سەرپەرەشتی پرۆفیسۆر، واندێبێرگ لەسەر گۆڕستانەکانی ئیلام بە تایبەت وەرکەبود، چەم ژییە، دەمگرپڕچینە، بەردباڵ و چنارباشی، لاپەڕەگەلێکی زێرینی بە توێژینەوە کەونارا ناسییەکان بەخشیوە و

پیشان دەدات کە لەم سەردەمە دا پارێزگەی ئیلام، بەشێکی گرینگی ژیاری کاسی و ئیلامییەکان بووە. ژیاری ئیلام هاوکات لەگەڵ سەردەمی مەفرەقی کۆن دەست پێ بووە کە بەرچاوترین ئاسەواری ئەو سەردەمە، تەپی پەتەک لە موسیان و تەپی تیغەن لە دەڕەشار (سەردەمی ئیلامی ناڤین) و بەردەنووسی «گل گل ملکشاهی» کە بە خەتی بزمارینە ئاشوورییەکان لە کاتی زاڵ بوون بە سەر ئیلام نووسیانە. دێمێر شیجی کەونارناسی فەڕەنسی لەو باوەڕەدایە کە تەپی «پەتەک موسیان» هەر هەمان شاری ماداکتۆ، پێتەختی ونبووی ئیلامی سەردەمی کەونارایییە.

## سەردەمی ماد و هەخامەنشی

لەم سەردەمەدا، ئیلام بەشێک لە ژیاری ماد و هەخامەنشی بووە کە بەهۆی نزیک بوون بە پێتەختە کەونارایییەکانی شوش و هێگمەتانە (هەمەدان) و بێستون، خاوەن گرینگایەتییەکی تایبەت بووە. لەم سەردەمە دا هەرچەند ژیاری ئیلام لاواز بووە بەڵام نووسین بەرێنووسی ئیلامی لەلایەن پادشاکانی هەخامە نشی پیشاندەری گرنگایەتی تایبەتی ئەم ناوچە وەکوو ناوچەیەکی بەرچاو بوو، تا ڕادەیەک کە زۆربەی بەردنووسەکان لە سەرەتادا بە خەتی ئیلامی و دواتریش بە فارسی کەونارایی وەرگێڕدراونەتەوە و نووسراون. ئیلام وێڕای ئەوەی کە بەشێک لەم ئیمپراتورییە بووە، بەڵام هەمیشە سەربەخۆیی خۆی تا ڕادەیەکی بەرچاو پاراستووە. داریوش چەندین جار وتوویەتی کە گەلێ جاران سەر هەڵدانی ئیلامییەکان سەرکوت کردووە.

## سەردەمی سلووکی – پارت

لەم سەردەمەدا بەپێی دەق و نووسراوە کەونارایییەکان، ئیلام هەر وەکوو شوێنەکانی دیکە لەژێر دەسەڵاتی سکۆلارییەکاندا بووە کە پاش هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی ئەوان و

دەست پێ بوونی سەردەمی پارتی «ئەشکانی» ئەم ناوچەیە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان. ئاکامی لێکۆڵینەوە و گەڕان و پشکنینەکانی تەپی (فەڕوخ ئاوا)ی دێهلۆران کە لەلایەن لێژنەیەکی جۆربەجۆری ئێرانی و نێودەوڵەتی ئەنجام دراوە، پێشان دەدات کە لەو سەردەمە دا ئەم تەپە بەشێک لە ئەیالەتی «ئەلیم»یان ئیلامی نوێ بووە. ئاسەوارەکانی دیکەی ئەم سەردەمە بە شێوەی جێگر بوونی قات و کۆچبەری بووە کە زۆرتر لە لێواری چەم و لە نێو دەشتەکاندا پێک هاتوون.

## سەردەمی ساسانی

بەهۆی ئەوەی کە لەم سەردەمە دا، پارێزگەی ئیلام لە نێوان تیسفون (بەغدا) وەکوو پێتەختی ساسانییەکان و دەوڵەتی شاری شوش و بێستون و فارس دا بووە، خاوەن گرینگایەتییەکی تایبەت بووە و هەر بۆیە دەوڵەتی ناوەندی ئەم پارێزگەیەی ئاوەدان کردووەتەوە. ئەم ئاوەدان کردنەوە سێ بەشن: بیناکانی نێو ڕێگا و ڕێگە و پردە کەونارایی – شارییەکان و قەڵا کەونارایییەکان. بە ناوبانگترینی ئەم ئاسەوارانە کە تاکوو ئێستا پارێزراون بریتین لە پردی گاومێشان، چەمی نەمشت، کوڕو دوێتە، کۆشکی قینفر، قەڵای شیاخ، قەڵای سام، شارە مێژووییەکانی سیراوان، سەیمەرە و دەربەند و قەڵای پشت قەڵا، قەڵای هەزاردۆڵ و ئاتەشگەی موشکان و سیاگوڵ و چوار تاقی دەرەشارو تاقی شیرین وەفەرهاد.

لەم سەردەمە دا پارێزگەی ئیلام بە دوو ئەیالەتی مێهرجانەکدەکە لە بەشی ڕۆژهەڵات و بە ناوەندی شاری سیروان (شوێنی گوندی سەرابکلانی ئێستا)، کە دەگوترێ کۆشکی ئەنووشیروانیش لە وێدا بووە، دابەش کراوە. ئەم شارانە لە شارە گرینگ و پڕ حەشیمەت و ئاوەدانەکانی ئە و سەردەمە بوون کە حەشیمەتێکی یەکجار زۆریان هەبووە و بەهۆی بوومە لەرزە تێدا چوون.

ئاسەوارەکانی تەنگەی بارامی چوبینە کە لە دەرەشاردایە هی بارامی چوبینە سەرداری ساسانییەکاندا بەهۆی کودتای دژ بە «خەسرەوپەرویز» پادشای ساسانی، ئەم پادشایە هەڵات بۆ ڕۆم وپاش ئەوەی کە پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ کچی ئیمپەراتۆری ڕۆم

بەست، سوپایەکی کۆ کردەوە و هێرشی کردە سەر ئێران و دیسان پاشایەتی ئێرانی گرتە دەست.

## سەردەمی ئیسلامی

لە نووسراوە مێژووییەکاندا هاتووە کە ئیلامییەکان بۆ خۆیان ئیمانیان بە ئایینی ئیسلام هێنا و ئەم پارێزگەیە لە سەردەمی ئیسلامیدا وەکوو، بەشێک لە ئەیالەتی «جیبال» لەژێر دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئیسلام و بە ناوەندی کوفە و بەسرە، ئیدارە دەکرا ــ گەورەترین شاری ئەم سەردەمە شاری سەیمەرە (دەرەشار) کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی کەونارناسان دا ئاسەوارگەلێکی بێ وێنە لە نژیارڤانی، شارسازی و ڕازاندنەوەی بینا بە تایبەت گەچبڕی بە نەخش ونگاری تایبەت و بێ وێنە و هەروەها خەتی کوفی لەم ناوچەیە دیتراونەتەوە. لە پارێزگەی ئیلام تا نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەم (ساڵی ٣٣٤ کۆچی مانگی) ژیانی شارنشێنی زۆر باو بووە کە بەهۆی بوومەلەرزەیەکی گەورە کە بووە هۆی کاول بوون و تیا چوونی هەموو شارە گەورەکانی ئەم پارێزگەیە، شێوەی ژیانی شارنشینی گۆڕدرا بە ژیانی کۆچبەری.

لە کتێبەکانی یاقوت حەمەوی، ئیبنی ئەسیر، حەمدوڵڵا موستەوفی، مێژووی تەبەری و .. بەم مەسەلەیە ئاماژە کراوە و نووسراوە کە بەهۆی ڕووودانی بوومەلەرزە، ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی شاری پڕ حەشیمەتی سەیمەرە کوژران و ئەم شارە بۆ هەمیشە چۆڵ کرا. شوێنی شاری ئیلامی ئێستاش کە ئەو سەردەمە (ئەلەرد)ی پێ دەگوترا، بەهۆی کەش و هەوای خۆش و نیزیک بوون بە شوێنی خەلافەتی خەلیفە عەبباسییەکان (بەغدا) یەک لە گرینگترین جێگەی گەشت و سەیرانەکانی ئەوان هاتووەتە ئەژمار و لە کتێبە مێژووییەکاندا هاتووە کە (المهدی باللهِ) برای هاروونەڕەشید لە کاتی ڕاودا لەو شوێنە دا

کوژراوه و بارەگە کەی کە بە "سەی مەی " بە ناوبانگ بووه تا دەیەی ٥٠ی کۆچی
.هەتاوی گوڕستانی ئیلام بووه و ئێستاش ئەم شوێنە بووەتە پارکی منداڵان

## سەردەمی ئیلامی دواتر

ئەم سەردەمە حکوومەتی ئەفشاری و زەندییەکان و . . . دەگرێتەوە و ئیلامیش بەشێک لە خاکی ژێر دەسەڵاتی ئەوان بووه. بەرچاوترین ئاسەواری سەردەمی زەندییە بینای ئیمام زادە عەلی ساڵح «خاسەلی»یە. لە بیناکانی دیکەی ئەم سەردەمە، بارەگای ئیمامزادە پیرمحەممەد وسەید سەلاحەدین محەممەدی ئاودانان - موعین ساڵح ماژین، سەید ئیبراهیمی زەڕین ئاوایە. سەردەمی حکوومەتی والییە فەیلییەکان (سەردەمی سەفەوییە تا پالەوی) پاش ڕووخانی حکوومەتی خۆجێیی «حەسەنویەی کورد» کاتێک کە شاوردینان لە زنجیرەی ئەتابەکان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییە و دەسەڵاتی خۆڕەمابادی گرتە دەست، حسێن قولی خانی فەیلی کرد بە والی ناوچەی پشت کو. ئەویش قەسەبەی «دێ واڵا»ی کردووه بە ناوەندی حکوومەتی خۆی و ناوی «حسێن ئاوای فەیلی» لەسەر دانا.
گرینگترین ئاسەواری ئەم سەردەمە، قەڵاکانی والییە فەیلییەکانی لە ئیلام و دەورووبەری کەنجاچەمی مێهرانە. چەندی قەڵا و قەنات و بەردەنووسیش لەلایەن والییە فەیلییەکانەوە ساز کراون کە بە ناوبانگترینیان بەردەنووسی تەختی خان لە ساڵح ئاوایە و پیشاندەری شێوەی حکوومەتی والییەکانە کە کۆچبەری بووه. بە داخەوە هێندێ لە ئاسەواری والییەکان لە بەر بەرەوپێدرانی ژیانی شارنشینی تێدا چوون. لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە سەربەخۆیی سلسلەی میرە «حاکمەکان»ی خۆجێیی دەرەشار بوو کە لە ناوچە لوڕنشینەکانی پارێزگەیان لەژێر دەسەڵاتی خۆدا بووه و وێڕای ئەوەی کە لەلایەن والی پیشکوه (لوڕستان) و بڕیاریان وەردەگرت بەڵام باجی بە والی پۆشتکوه (فەیلی) دەدا.
ئەم مەسەلە وەبیر هێنەرەوەی، دابەش کرانی پارێزگە بە دووئەیالەت لە سەردەمی ساسانی-ئیسلامییە. هەرێمی دەسەڵاتی والییەکان لە باشوورەوە تا شووش، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا

لوڕستان و لە ڕۆژاواوە تا ناوچەی کووت و عەمارە لە باشوور و تا خانەقین و مەندەلی لە باکووری عێراق بووە.

## سەردەمی هاوچەرخ

پێنج ساڵ پاش دەسەڵات بە دەسگرتنی ڕەزاخان، ئەو سوپای والی ئەو سەردەمەی ئیلام «غولامڕەزا خانی فەیلی» وەکوو دوایین حاکمی مولوکوتەوایوفی ئێران تێکشکاندو والی هەڵات بۆ ئێراق ولە شاری نەجەفی ئەشرەف مایەوە. ئێستا گۆڕی والی لە گۆڕستانی نەجەفی ئەشڕەف دایە. بە فەرمانی ڕژێمی بەعس و لە پێناو جێ بەجێ کردنی سیاسەتی تەعریبی (بەعەرەب کردن) کوردە فەیلییەکان، کێلی سەرگۆڕی ئەو و کوردەکانی دیکە کە بە فارسی یان کوردی لە سەریان نووسرا بوو، تێداچوون و بەپێی بڕیاری ڕژێمی بەعس کێلێک لە سەرگۆڕی هەموویان دانرا کە بە عەرەبی ناونیشانی مردووەکانی لە سەردا نووسرا بوو. لە ساڵی ١٩٣٧ ی کۆچی هەتاوی وپاش دەسەڵات بە دەست گرتنی ڕەزاخانی پالەوی، پارێزگەی ئیلام بوو بە بەشێک لە پارێزگای کرماشان (پارێزگەی پەنجەم) و پاشان لە ساڵی ١٩٦٤ بوو بە فەرمانداریی گشتی و گوندی حسێن ئاوای فەیلیش بە پێشنیاری ناوەندی فەرهەنگستانی ئێران، ناوی ئیلامی لەسەر دانراو لە ساڵی ١٩٧٤ ئەم ناوچەیە، لە کرماشان جیا بووە و بوو بە پارێزگای ئیلام.

## ڕاپەرینی ئیلام لە سەردەمی ڕەزاشادا

یەکێک لە کارەساتە بەرچاوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و ئێران کە لە ساڵی ١٩٢٩ زایینی (١٩٢٩ی هەتاوی) ڕووی داوە، داگیرکردنی ئیلام بەدەستی ڕەزاشا و ڕاپەرینی هۆزەکانی کورد بە سەرۆکایەتی شامحەمەدی یاریە. ڕەزاخان دەیەویست بە شەڕ و ملهوڕی تاکەفەرهەنگی نەتەوەیەک بەسەر هەموو گەلانی ئێرانیدا داسەپێنێ، بەڵام بە بەرگری و ڕاپەڕینی ئیلام ڕووبەڕوو دەبێ ڕەزاخان بە هێزی سەربازی و

بۆمبارانکردن دەتوانێ ڕاپەڕین سەرکوت بکات و هەندێکیان زیندانی و هەندێکیان لە سێدارە بدات.

کەبیر زنجیرە چیایەک بە درێژایی ١٤٥ کیلۆمەترە و لە ٢٠ کیلۆمەتری شاری ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەست پێدەکات و تا نزیک ئەندیمشک لە پارێزگای خووزستانی ئێران درێژەی هەیە. کۆتایی ئەم زنجیرە چیایە لە ناوچەی حەمرینە. بەرزترین خاڵی نزیک گوندی چنارباشییە.زنجیرە چیای کەبیر، چیای کان سەیفی ئیلامە.



